# دوکان ئێر سەرکەوتوانە گەشتەکانی ڕۆژی ٣/١٤ و ٣/١٥ ی
# نێوان میونشن –سلێمانی – میونشنی ئەنجام داو بووە جێی ڕەزامەندی گەشتیاران

***لە کارێکی خێرخوازیدا دوکان ئێر منداڵێکی نەخۆش و منداڵێکی برینداروو پیاوێکی پەککەوتەی بە شێوەی کۆمەک بۆچارەسەر گەیاندە ئەڵمانیا**



هەربەو باوەڕو متمانیەوە کەهەیبوو ستافی دوکان ئێر ڕۆژی ٢٠٠٩/٣/١٤ بەجۆرێک کە بووە جێی دەستخۆشی و باوەری زیاتری گەشتیاران بەشێوەیەکی سەرکەوتوو درێژەی بە گەشتەکانی (میونشن –سلێمانی – میونشن)دا..دیارە هەربەتەنیا دوکان ئێر نەبوو کە بەشێوەیەکی ڕێک و پێک لە پێشوازی گەشتیارانیدا بوو... هێمنی و ڕێکو پێکی ئەو بەڕێزانەی کە لەسەرەدا ڕاوەستا بوون جانتاو کەل و پەلەکانیان بەڕێ بکەن تا ئەو کاتەی چوونە هۆڵی ترانزێت سیمایەکی شارستانی و نمونەیەکی جوانی بەرپێکەوتن بوون .. لە هەمووی گرنگتر ڕۆژی یەکشەمە ٣/١٥ لە وادەی خۆیدا کاتژمێر ٥:٣٠ دەقیقەی بەیانی بەکاتی سلێمانی سەرەڕای خۆڵبارین و ڕەوشی خراپی ئاوو هەوا گەشتەکەی (دوکان ئێر) بە فڕۆکەی (ئێربووسی ٣١٩ ی مۆدێلی ٢٠٠٨ ی هامبۆرگ ئینتەرناشناڵ)گەیشتە ئاکام و فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی کردە ژوانگەی بەیەک گەیشتنی ئازیزان،و ١٦٩ کەس لەوانە ٢١ منداڵی ساواو ١٤٨ کەس لە گەورەو بچوک و کچان و کوران بەتەمەنی جیاجیاوە دابەزین و بەویژدانەوە شایەتیان بەو گەشتە ئارامە دەدا وخۆشبەختانە کەسێکیش کێشەی نەبوو بەو پەڕی دڵخۆشی و ڕەزامەندیەوە دابەزینە ناو فڕۆکەخانەو لە لایەن فڕۆکەخانەو کارمەندە بەڕێزەکانی و نوسینگەی سلێمانی کۆمپانیای دوکان ئێرەوە بەگەرمی پێشوازیان لێکرا و هەموان تێکڕ جانتاو کەل و پەلەکانیان بێ کەم و کوڕی وەرگرتەوە..پێویستە بڵێن مامەڵەی دڵسۆزانی فڕۆکەخانە و کارمەندەکانی مایەی دڵخۆشی گەشتەکەمان و گەشتیارانمان بوون.

*بەڵام لە هەموو کەس دڵخۆش تر مستەفا ئیبراهیم تەمەن ٥ ساڵ و فەواز ساڵح تەمەن ١١ ساڵ وخەلات ئیزدی تەمەن ٤٧ ساڵ بوو) کە لەفڕۆکەخانە چاوەڕوان بوون

فڕۆکە بگات و لەسەر بەڵێنی دوکان ئیر بۆ چارەسەر بگەنە ئەڵمانیا.. فەواز کە بەهۆی کردەوەیەکی تیرۆریستیەوە بەشێکی جەستەی لەدەست دابوو مستەفاش بەهۆی نەخۆشیەکی دەگمەنەوە لەمێشکدا ناوبەناو بەشێکی جەستەی ئیفلیج دەبێ و خەڵات ئیزدیش کە جەستەی شەکەتی سەر عەرەبانەیەو پەکی کەوتووە لە ڕێگەی د.میرزا لە ڕێکخراوی ((Luftbrucke Irak eV.) ی ئەڵمانی کاری فیزەو نەخۆشخانەو دکتۆریان بۆ بۆ ئامادەکرابوو دکتۆر میرزا خۆشی و یاوەری دەکردن و دوکان ئێریش ئەرکی گەیاندنیانی بۆ چارەسەر لە ئەڵمانیا و دابینکردنی بلیتەکانیانی گرتبوە ئەستۆو لەیەکەمین گەشتی دوکان ئێر ئەوکارە خێرخوازیەی تۆمارکرد..گەشتی ئاسمانی دوکان ئێر لەکات و وادەی خۆیدا کاتژمیر ٦:٣٠ دەقیقەی بەیانی بەکاتی سلێمانی دەستیپیکردو کاتژمێر ٩:٣٠ دەقیقەی بەیانی سەرکەوتوانە گەیشتەوە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی میونشن .ئەوەی دەمێنیتەوە بیڵێن ئەوەیە با پێکەوە وێنەکانی گەشتی ٣/١٤ بۆ سلێمانی و گەڕانەوەی فڕۆکە لە ٣/١٥ دا بەرەو میونشن خۆیان بدوێن و باوەک مێژوویەکی سەرکەوتوو تۆماری کەین.
















Abflug/Departures


Abflug/Departures

Abflug/Departures


Abflug/Departures











**له فڕۆکەخانەی سلێمانی دکتۆر میرزا عەلی یاوەری نەخۆشەکانی دەکات و دوکان ئێر دەیان گەیەنێتە ئەڵمانیا بۆ چارەسەر**